ئەمریکا سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند

ئاژانسی فرانس پرێس ئاشکرایکرد کە ئەمریکا چەند سزایەکی نوێی بەسەر ئێراندا سەپاندووە و سزاکانی ئەمجارەش تایبەتە بەو کەسانەی کە هەرشی ئەلیکترۆنییان ئەنجامداوە.

ئاژانسەکە باویکردەوە کە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای بەسەر دوو کەمپانیا و چوار کەسدا سەپاندووە کە لە ئەنجامدانی هەرشی ئەلیکترۆنی تووەگلاون، بەتایبەت کە ئەو هەرشانە کراوەتەسەر کەمپانیا و ناوەندە حکومییەکانی ئەمریکا.

فرانس پرێس بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا باویکردووەتەوە کە ئەو هەرشانە بەنایو "سەرکردایەتیی ئەلیکترۆنی" کراون کە سەربە سوپای پاسدارانی ئێرانە.